# ئاڵا

سیروان کاروانی

لەگەڵ نێرگزەشەهلایێ کەوتمە پەیڤین
نێرگز گوتی:
خەریکم تەونێک بچنم
ڕەنگی زەرد و سپیم هەیە
لە گەڵای تەنکم، چتێک بۆ زێد لەڕێیە
منیش گوتم:
مژدەی سەرفرازیی وڵاتم پێیە
لە دوورەوە هاتووم،
سەوزەگیای ناو دڵی کوردەکانی هەندەران،
کە هەر لە هی وڵات دەچن-م، پێیە
نێرگز گوتی:
کەوابێ ڕەنگی سەوزت پێیە
من دەمێکە بۆ وی چاوم لەڕێیە
منیش گوتم:
تا چاو بڕ کا لەو سنوورانە ڕەنگی لێیە
ئەم هەموو ڕەنگانە تۆ چ کارت پێیە؟
نێرگز گوتی:
ڕەنگانی سەر سنوور تەنێ بۆ گوێیە
دەزانی لەم عەیامەدا
بوونی ئاڵایەک چەند بەجێیە؟
تۆ جارێ لەوەی گەڕێ،
خۆزیا سوورێکی تۆخیشم دەبوو
ئای چەند بەجێیە!
چەند پێویستیم پێیە!
لەپڕ شیبایەک هاتە پەیڤین:
ئەوەتا هەردەم لەڕێیە
ڕەنگی سووری شەهید،
لەپێش هەمووتانەوە چاوەڕێیە!